# بەش/ کوردی

# کۆلێژ/ پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆ / سەلاحەددین

# بابەت/ ڕەخنەی تیۆری

# کۆرسبووک

# ناوی مامۆستا/ پ.ی.د.کارزان محسن قادر

# ساڵی خوێندن : ٢٠٢٠ ـ ٢٠٢١

# کۆرسبووک
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ساڵانە |

| | |
|---|---|
| **2.ناوی‌مامۆستای بەرپرس** | |
| **3. بەش / کۆلێژ** | **کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی کوردی** |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل : _** karzan.qader@su.edu.krd<br>**ژمارەی تەلەفۆن : ٠٧٥٠٩٧٥١٦١٦** |
| **5. یەکەی خوێندن (بەسەعات)لە هەفتەیەک** | دوو کاتژمێری تیۆریی ، ئەم بابەتە پەیوەندی بەلایەنی پراکتیکیەوە نییە ، چونکە لە پۆلی چوارەمدا بابەتەکە گۆڕانی بەسەرداد‌ێت و لە ڕەخنەی تیۆرییەوە دەبێتە ڕەخنەی پراکتیکی . |
| **6. ژمارەی کارکردن** | **لە هەفتەیەك یەك ڕۆژ :**<br>دووشەممە پۆلی سێیەمی گرووپی (A) ، تەنیا دوو کاتژمێری تیۆریی ، لە کاتژمێر (8:30) بۆ (10:30) .<br>لەهەمان ڕۆژدا ، پۆلی سێیەمی گرووپی (B) ، تەنیا دوو کاتژمێری تیۆریی ، لە کاتژمێر (11:00) بۆ (01:00) . |
| **7. کۆدی کۆرس** | |

## 8. پرۆفایەلی مامۆستا

# ژیـاننامە

| | |
|---|---|
| ناوی چواری : کارزان محسن قادر علي |  |
| ڕەگەز : نێر | جۆری خوێن : $O^+$ |
| نەتەوە : کورد | ئایین : ئیسلام |
| باری خێزانی : خێزاندار | ژمارەی منداڵ 2: |
| شوێنی نیشتەجێ بوون : هەولێر | گەڕەك : خانزادی نوێ |
| ژمارەی گەڕەك : 328 | ژمارەی کۆڵان : 10 |
| ژمارەی خانوو : 222 /1 /206 | مۆبایل : ٠٧٥٠٩٧٥١٦١٦ |
| شوێنی کارکردن : زانکۆی سەلاحەددین | کۆلێژ : پەروەردەی بنەڕەتی |
| بەش : کوردی | کاتی دەوامکردن : بەیانیان |
| بڕوانامە : دکتۆرا | پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| پسپۆری گشتی : ئەدەبی کوردی | پسپۆری ورد : ئەدەبی هاوچەرخ ، ڕەخنەی |

| | |
|---|---|
| | ئەدەبی |
| ساڵانی خزمەتکردن 18: | ژمارەی توێژینەوەی زانستی : ١٤ |
| ژمارەی ناسنامەی شارستانی : 00125920 | شوێنی دەرچوون : هەولێر |
| ژمارەی ڕەگەزنامە : 308291 | شوێنی دەرچوون: هەولێر |
| ژمارەی پاسەپۆرت : 23435 | شوێنی دەرچوون: هەولێر |
| ژمارەی کۆبوونی خۆراك : 7110967 | ژمارەی ناوەندی خۆراك : 202 |
| **ئیمێل:** karzan.qader@su.edu.krd | |

| | |
|---|---|
| **9. وشە سەرەکیەکان** | - قووڵکردنەوەی بوار و کایە و زەمینەی (ڕەخنە و ڕەخنەسازی) بەشێوەیەکی گشتی ، وردبوونەوە و تێڕامان لە ڕەخنە و ڕەخنەسازیی کایەی ئەدەبی ، ئاشکرایە ڕێگە و تێگەی (ڕەخنە و رەخنەسازی) پاشخانێکی فەلسەفی هەیە ، مەبەستمانە بڵێین : هیچ تێکست و کایە و بوارێکی ژین و ژیان نییە ڕەخنەئامێز نەبێت و ڕەخنە لەخۆ نەگرێت و ڕەخنە بۆ خۆی کەمەندکێش نەکات ، بێگومان ئەمەش یەکێکە لە ئەستووندەگە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئەدەبی و هزریی و زانستی و مرۆڤایەتی ، بەو واتایەی بواری کایەی ڕەخنە و ڕەخنەسازی دەتوانێت زەمینەیەکی لەبارو |

| | |
|---|---|
| گونجاو بسازێنێت بۆچوونە نێو دەروازەی گۆڕانکاری و بوژاندنەوە و بەردەوامی و نوێسازی .<br>- چەسپاندنی چەمکی (تیۆریی) ، ئاشکرایە بوار و زانستەکان لەچوارچێوەی ژیانی مرۆڤدا بەشێکیان بە (تیۆر) دەرپڕاون و ، بەشێکی تریان بە (پراکتیك) ، بێگومان ڕێژە و ئاستی بەرز و نزمی لایەنی تیۆری پراکتیکی چەسپاونییە و ، لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی تر ڕێژەو ئاستەکەی دەگۆڕێت . ئەوەی پەیوەستە بە ئەدەبناسییەوە لایەنی (تیۆری) بەشێکی فراوانی ئەم بوار و کایە دەگرێتەوە ، بەتایبەتیش (ڕەخنە تیۆرییەکان) لە دووتوێی ئەدەبناسییدا پشکی شێریان بەردەکەوێت ، چونکە باس لە ڕەخنەی تیۆری دەکرێت دیرۆکێکی دوورو درێژ بوونی خۆی دەسەلمێنێت ، بە چەشنێك ڕەگوریشەی ڕەخنەی تیۆریی بۆ سەردەمی گریکەکان دەگەڕێتەوە واتە نزیکەی (2500 ساڵ) بەر لە ئەمڕۆ . بەڵام ئەوەی پێویستە جەختی لێبکەینەوە ئەوەیە ئەم (60 بۆ 70) ساڵەی دوایی لە سەدەی بیستەمدا و بەشێکی لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا بە چەرخی زێڕینی ڕەخنەی تیۆریی دادەنرێت کە ژمارەیەك زاراوە و چەمك و تیۆر و میتۆد و ڕێباز و قوتابخانەی ڕەخنەی ئەدەبی دێنەکایەوە ، کە بێگومان هێندەی تر بوار و کایەی ئەدەبناسی بەرفراوان و قووڵتر دەکەنەوە و ، ڕەوت و ئاراستەی (ڕەخنە و ڕەخنەسازی) فرە جۆر و فرە ڕەهەند دەبێت . | |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

- ئاڕاستەی سەرەكی ڕەخنە لەو پنتەوە دەست پێدەكات كە ڕەخنەگرتن پرۆسەیەكی بەردەوامی ڕۆشنگەرییە ، كە ڕەخنەش بە ڕۆشنگەرییەوە پەیوەست دەكەین ، بێگومان یەكێك لە وزە و سەرچاوە هەرە سەرەكییەكانی ڕۆشنگەریش ناوەندی توێژینەوە و زانكۆكانن . بەو واتایەی لە چوارچێوەی زانكۆدا پرۆسەی ڕەخنە و ڕەخنەسازی دەبێتە هۆكارێك بۆ مانەوە و بەزیندوو ڕاگرتنی تاك ، جوڵە خستنە نێو سەر لەبەری كایەكانی ترەوە .

- ئاشكرایە كە لەم چوارچێوەیەدا باس لە پرۆسەی ڕەخنە و ڕەخنەسازی تیۆری ئەدەب دەكەین ، مەبەستمان لێی ڕەخنەیەكی زانستییە كە پلە و پایەكانی ئەم جۆرە ڕەخنەییە بە پاشخانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و زانین دەناسرێتەوە ، لەم چوارچێوەیەدا دەبێت گەلێك لە ڕەخنە نازانستی و ناتیۆریی و بێ میتۆدەكان وەلابنێین و مامەڵەیان لەتەكدا نەكەین .

- بێگومان جیاوازی تیۆرە ڕەخنەییەكان گەلێك گۆڕان و وەرچەرخانیان بەسەر هزری ڕەخنە و ڕەخنەسازییدا هێناوە ، ئەو تیۆرە جیاواز ڕەخنەییانەش زۆربەیان لە چوارچێوەی چۆنیەتی خوێندنەوەی تێكستی ئەدەبیدا خولدەخۆنەوە لە سۆنگەی شیكردنەوە و ڕاڤەكردنی دەق و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی تێكستی ئەدەبیدا ، بۆیە بۆ ئەوەی خوێنەر ، مامۆستا ، قوتابی ، وەرگر ، دەسەڵات و هەژموونی بەسەر ئەدەبناسی و ڕەخنەی تیۆریدا بڕوات پێویستە پەی بە ڕاز و پەنهانی ئەو ڕەخنە تیۆرییانە بەرێت و ، لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا تێكستەكان شەنوكە و بكات.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

### ئامانجە گشتییەکان :

ئەوەی پەیوەست بێت بە قوتابییەوە ئەوەیە پێویستە لەڕێی مامۆستایان و وانەبێژانی ئەدەبناسییەوە فێری ئەوە ببێت تێکست و ژانرەکانی ئەدەبی هەر بۆ خوێندنەوە و ئەزبەرکردن نین ، بەڵکو پێویستە بەقووڵایی بەناخی تێکیستی ئەدەبییدا ڕۆبچێت و ، توانای ئەمەی هەبێت لەڕێگەی تیۆرێکی ڕەخنەوە ، ڕەخنەی زانستی لە تێکست بکرێت ، بێگومان ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوە و فێربوون و ناسین و زانستی گەلێك سەرچاوەی ڕەخنەیی هەیە ، بۆئەوەی لە بواری ئەدەبناسی و بەگشتی و لەبواری ڕەخنە و ڕەخنەگری ئەسپی خۆی تاوبدات .

### ئامانجە تایبەتییەکان :

لە دوو توێی ئەم ئامانجەدا پێویستە دنیا بینیمان بۆ ڕەخنە و ڕەخنەی تیۆریی فراوان بێت ، بەو مەبەستەی بتوانین خودی قوتابی بونیاد بنێین ، لە کارەکتەر و ئەکتەرێکی ڕەخنە لێگیراوەوە بۆ کارەکتەر و ئەکتەرێکی ڕەخنەگر ، ئیتر لەمە بە دواوە دەتوانێت جۆرێك لە متمانەبوون بە خود بسازێنێت و ، هەست بە بوێری خۆی بکات بۆ شەنوکەو و ڕووماڵکردن و هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی تێکستە ئەدەبییەکان . ئاشکرایە دنیای ئەدەبناسی و تێکستە ئەدەبییەکان بۆ خۆیان کانگایەکی لە بن نەهاتوون ، بۆیە پێویستە هەوڵی دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی ئەو قوتابییە زیرەك و بەهرەمەندانە بدرێت کە مەبەستیانە و دەیانەوێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم کانگا لە بن نەهاتووەی ئەدەب و تێکستی ئەدەبییدا بکەن .

| |
|---|
| **12. ئەركەكانی قوتابی**<br>- ئامادەبوونی قوتابی لە پۆلدا بە بەردەوامی .<br>- نابێت قوتابی بیانووی جۆراوجۆر بدۆزێتەوە ، بۆ خۆ دزینەوە لە خوێندن و ڕاپەڕاندنی ئەرك و فەرمانەكانی . هەروەها بەشێوەیەكی دروست و كردەیی پابەندبێت بەپرۆسەیی خوێندن و خوێندنەوە .<br>- جەختكردنەوە لە چالاكیەكانی پۆل ، پێویستە قوتابی وەك كەسێكی (بكەر) خۆی بنوێنێت نەوەك وەك كەسێكی (كار لەسەركراو) .<br>- پێویستە قوتابی ئەركە زانستیەكانی جێ بەجێ بكات وەك : كورتە ڕاپۆرت و ڕاپۆرتەكان و ، بە شێوەیەكی دروستیش بەشدار و پابەندبێت بە تاقیكردنەوەكانەوە . لە پاڵ ئەمانەشدا ئاكار و ڕەوشتی قوتابی پێویستە ڕەچاو بكرێت لە چۆنیەتی مامەڵەكردنی لەگەڵ ستافی وانەبێژان و مامۆستایان و دەوروبەرەكەی . |
| **13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**<br>بەكارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت و تەختە سپی، و بەكارهێنانی دەفتەر و كتێب. |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>ئەنجامدانی دوو تاقیكردنەوە، هەر یەكەیان لەسەر بیست، واتە نمرەی كۆشش چل، و لە كۆتایی ساڵیشدا تاقیكردنەوە لەسەر شەست ئەنجام دەدرێت. |

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

وەك چۆن تیۆر دانەر و تیۆر داڕێژەرانی ئەدەبیاتناسی هەڵگری مۆرکێکی جیهانی و گەردوونین و ، لە بواری ڕەخنە و ڕەخنەسازیدا بلیمەت و داهێنەرن ، ئەوا ئاواش قوتابی (فێرخواز) ببێتە شوێنپێ هەڵگرانی ئەوان و ، ئەویش وەکو ئەمانە لە بوارە زانستیەکەی خۆیدا کە زمان و ئەدەبی کوردییە ، خاوەنداریێتی گریمانە و تیۆرێك بکات و ، بەم هۆیەوە هزری داهێنەرانی خۆی برەو پێبدات و وەك داهێنەریك بناسرێت و ناو و ناوبانگ پەیدابکات ، چونکە ڕەخنەی تیۆریی ئەدەبی خوێندووە و دەخوێنێت ، کە لە دواجاردا دانەر و داهێنەرەکەیان بریتین لە مرۆڤەکان ، بۆیە ئەویش وەك مرۆڤێك لە چوارچێوەی ئەم گەردوونەدا لەم ئەگەر و توانا و گریمانەیە بەدەر نییە .

## 16. لیستی سەرچاوە

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی :

- دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، د . هیمداد حوسێن بەکر ، دەزگای موکریان ، هەولێر ، 2014 .

- ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی ، چاڕلس برێسلر ، وەرگێڕانی : عەبدولخالق یەعقوبی ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، 2002 .

- دليل الناقد الأدبي ، ميجان الرويلى وسعد البازعي ، المركز الثقافي العربي ، دمشق ، سوريا ، 2000 .

- الخطاب النقدي ، صبری حافظ ، دار شرقيات ، القاهرة ، مصر ، 1999 .

- معجم المصطلحات الأدبية الحديثة ، محمد عناني ، مكتبة لبنان ، ناشرون ، لبنان ، 1998 .

- مناهج النقد الأدبي بين النظرية والتطبيق ، ديفيد ديتس ، ترجمة : محمد يوسف نجم واحسان عباس ، دار الصادر ، بيروت ، لبنان ، 2015 .

- النظرية الأدبية المعاصرة ، رامان سلدن ، ترجمة : سعيد الغانمي ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، لبنان ، 2002 .

- النقد الأدبي الحديث قضاياه و مناهجه ، صالح هويدي ، منشورات جامعة السابع من ابريل ، ليبيا ، 1996 .

- النقد الأدبي الحديث و مدارسه الحديثة ، ستانلى هايمن ، ترجمة : احسان عباس و محمد يوسف نجم ، دار الثقافة ، بيروت ، لبنان ، 2011 .

- النقد والنقد الأدبي ، رشاد رشدي ، دار العودة ، بيروت ، لبنان ، 2010 .

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان |
|---|---|
| | هەفتەی یەکەم<br>سەرەتا و سەرەداوەکانی سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی ڕەخنەی تیۆری ئەدەبی لای گریکەکان<br>هەفتەی دووەم<br>وشە و زاراوە و پێناسە و چەمکی ئەدەب<br>هەفتەی سێیەم<br>وشە و زاراوە و پێناسە و چەمکی ڕەخنە<br>هەفتەی چوارەم<br>وشە و زاراوە و پێناسە و چەمکی ڕەخنەگر<br>هەفتەی پێنجەم<br>وشە و زاراوە و پێناسەی تیۆر بەشێوەیەکی گشتی و ڕەخنەی تیۆریی بەشێوەیەکی ورد و تایبەتمەند<br>هەفتەی شەشە م<br>وشە و زاراوە و پێناسە و چەمکی ئەدیب : کێیەتی ئەدیب؟<br>هەفتەی هەفتەم<br>وشە و زاراوە و پێناسە و چەمکی دەقی ئەدەبی : چییەتی دەقی ئەدەبی ؟<br>هەفتەی هەشتەم<br>سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لای ئەوروپیەکان (بەتایبەت ڕەخنەی ڕێباز و قوتابخانەی کلاسیك و ڕۆمانسیەت و ڕیالیزم)<br>هەفتەی نۆیەم<br>سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی رەخنەی ئەدەبی لای شاعیر و ئەدیبانی پێشەنگ و کۆنی عەرەب<br>هەفتەی دەیەم<br>سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمەی کورد<br>هەفتەی یازدەیەم<br>چۆنیەتی پێکهاتەی سێگۆشەی<br>(ئەدیب = دەقنووس ، دەق ، خوێنەر = وەرگر) |

| | |
|---|---|
| | هەفتەی دوازدەیەم<br>چەند خاڵ و لایەنێکی هاوبەش و لەیەکتر جیاوازی نێوان میتۆد و تیۆرە ڕەخنە دەرەکییەکان و میتۆد و تیۆرە ڕەخنەییە ناوەکییەکان<br>هەفتەی سێزدەیەم<br>ڕۆڵی زمان لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا و ڕۆڵی لە چەکەرەکردن و گەشەکردنی ڕەخنەی تیۆریدا .<br>هەفتەی چواردەیەم<br>زاراوە و پێناسە و چەمکی شیعرییەت<br>هەفتەی پازدەیەم<br>شێوازناسی و رەخنەی تیۆری ئەدەبی<br>هەفتەی شازدەیەم<br>ڕۆڵی ڕەخنەی تیۆری ئەدەبی لە سنووربەندکردن و ئاوێتەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان<br>هەفتەی هەڤدەیەم<br>تیۆر و میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی<br>هەفتەی هەژدەیەم<br>تیۆر و میتۆدی ڕەخنەی سایکۆلۆژی<br>هەفتەی نۆزدەیەم<br>تیۆر و میتۆدی ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی<br>هەفتەی بیستەم<br>شێوەخوازانی ڕووس و تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی<br>هەفتەی بیست و یەکەم<br>بونیادخوازان = پێکهاتەخوازیی = بونیادگەری وەك میتۆد و تیۆرێکی ئەدەبی<br>هەفتەی بیست و دووەم<br>هەڵوەشاندنەوەگەرایی = هەڵوەشاندنەوەخوازیی لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی ئەدەبیدا<br>هەفتەی بیست و سێیەم<br>میتۆد و ڕەخنەی تیۆری ئیستاتیکای وەرگر = هەڵوێستی خوێنەر<br>هەفتەی بیست و چوارەم<br>تیۆری ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا = نیشانەناسیی<br>هەفتەی بیست و پێنجەم |

| | |
|---|---|
| | زاراوە و پێناسە و چەمکی ڕەخنەی ڕەخنە<br>هەفتەی بیست و شەشەم<br>تیۆری ڕەخنەی مێینەخوازی = فێمینیستی<br>هەفتەی بیست و حەفتەم<br>چییەتی ڕەخنەی تیۆریی ڕۆشنبیری |

| | |
|---|---|
| پرۆگرامی( ڕەخنەی تیۆری )بۆ قۆناغی (سێ یەم) ساڵی خوێندنی 2018-2017 | **د . كارزان محسن قادر** |
| 18. **بابەتی پراكتیك /** لە چوارچێوەی ئم وانانە و بابەتانەی كە پەیوەستن بە ڕەخنەی تیۆرییەوە ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد ، بوار و دەرفەت هێندە بۆ پراكتیزەكردن نارەخسێت ، چونكە لە پۆلی چوارەمدا ئەوانەی لە پۆلی سێیەمدا بە تیۆر خوێندراون ، ئیتر بە پراكتیكی دەخوێندرێن و لەسەر دەقەكان پراكتیزە دەكرێن. | |

**19. تاقیكردنەوەكان**

لەمیانەی هەر شەش هەفتە جارێك پێویستە تاقیكردنەوە ئەنجام بدرێت ، لەپاڵ ئەمەشدا بوار و دەرفەت پرەخسێنرێت بۆ قوتابیان . وتار و كورتە ڕاپۆرت و كورتە باسەكانیان پێشكەش بكەن ، بۆ ئەم مەبەستە وەك هاندان و پێزانین و دەستخۆشییەك قوتابی سەركەوتوو بەچەند نمرەیەكی شایان و شایستە پاداشتی كار و پرۆژەكەی وەربگرێت .

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**